خەزعەلی و سەرۆک کۆمار باس لە کۆتایی هێنان بە بوونی هێزی بیانی دەکەن لە عێراق



ئەمڕۆ شەممە"شێخ قەیس خەزعەلی" ئەمینداری گشتی بزووتنەوەی عەسائیب ئەهلی حەق لەگەڵ"عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید" سەرۆک کۆمار باسیان لە کۆتایی هاتنی هێزە بیانیەکان کرد لە عێراق.

نووسینگەی شێخ خەزعەلی لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە:- "شێخ قەیس خەزعەلی "ئەمینداری گشتیی بزووتنەوەی عەسائیب ئەهلی حەق، لە دیدارێکدا لەگەڵ عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، سەرۆک کۆمار باسیان لە پێشهاتەکانی گەڕەپانی سیاسی و ئەمنی و پرسی کۆتاییهێنان بە بوونی هێزە بیانیەکان لە وڵات و پاراستنی سەروەری نیشتمان کرد.

هەر لە میانی دیدارەکەدا شێخ خەزعەلی جەختی لە پێویستی ڕەچاوکردنی سیاسی لەسەر پرسی سەروەری و کشانەوەی هێزە بیانییەکان کردەوە.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە :- خەزعەلی جەختیکردەوە لە گرنگی تواناکانی هێزە عێراقییەکان لە بەرگریکردن لە زەوی و ئاسمان و سنوورە ئاوەکانی عێراق.

لایەن خۆیەوە سەرۆک کۆمار جەختی کردەوە لەسەر پێویستی هەوڵدانی هاوبەش لەنێوان هەمووانداو،لە پێناو پاراستنی سەقامگیری ئەمنی و سیاسیو، تەواوکردنی پڕۆسەی بنیاتنانی ئابووری و گەشەپێدانی عێراق،و ڕەچاوکردنی سیاسی لەسەر پرسی سەرەکی نیشتیمان.